# ئەو پیاوەی ماڵەکەی خۆی کردبووە گوڵدان

## نوسینی : مستەفا ڕابەر – هەولێر

دەورووبەری پەنجا ساڵ لەمەوبەر ئەو ڕۆژانەی هێشتا دوو ساڵ بەسەر شۆڕشی ئەیلول پێچی نەکردبۆوە بنکەو بارەگای مەکتەبی سیاسی لە مالومەوە گوازراوە بۆ دەورووبەری گوندی عیساوێی سەر سنووری ئێران، ئەشکەوتە ڕەشی قەد شاخی گردەڕەش لەناوچەی ماوەت کەبەسەر ڕووباری سورقاوشان دەڕوانێت بە پەلەپەل پاک دەکراوە. ئەشکەوتەکە لەدەوری شەست مەتر درێژە و دە مەتریش پانە ، کەلێن و قوژبنەکانی خاوێن کرانەوە هێلی کارەبای لە دووری چوار سەد مەترەوە بۆ ڕاکێشرا.

شوێنی چاپخانەو بیتەل و ئیستگەی دەنگی کوردستان خۆشدەکرا بەشێکی کرا بە عەمباری ئازۆقە و خۆراک نوسەرو ڕۆناکبیرو پسپۆرو شارەزا پێوەندیان بە بنکەکانی دەورووبەری ئەشکەوت دەکرد.

ئەوەی ڕاست بیت دلسۆزو نیاز پاک لەهەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگای کوردەواری هاتن ، لەوێ زۆر کەسم ناسی! خەلکی تێکۆشەرو سادەو خۆڕاگرو ڕەند ، ئەوێ ڕۆژی پێشمەرگە گیرفانی نەبوو خەلک نیاز پاک ، نەگروپ بەندی، نە ناوچەگەریی کەس هەر بەخەیالیشیا نەدەهات هەموی دەرویێشی ئازادی خاک و وولات بون ، مرۆڤگەلێکی تێکشکاو وێران و دەست و پێ سپی نەبوون ئەوان چێژیان لە ئازار وەردەگرت

وەبیرم ماوە :

١- **پ.م کەریم پیکالو** خەلکی گوندی گەڵیاوەی بناری چیای پیرمام بوو وەختی خۆی لەکەرکوک لە کومپانیای نەوت لە گەل ئینگلیزەکان ئیشی دەکرد زمانی ئینگلیزی دەزانی کاتێ ژەمە کولێرەو چاکەی خۆی دەخوارد کوپەکەی نیوە دەبوو دەچوە لای چایچی هەندێک ئاوی گەرمی لەسەر دەکرد و پاشان کەوچکێک شەکری داوە دەکرد ، ڕۆژێک بووە مشت و مڕ ، کاک حەبیب حەمە کەریم فەیلی ئەوکات بەرپرسی ئەشکەوت بوو خۆی لە کەریم پیکالو تورەکرد بە عارەبی پێی گوت شۆڕشگێڕ دەبی دەستپاک بیت ، تۆش حالت حالی ئێمەیە نابی جارێکیتر زێدەڕۆیی دوبارە بکەیتەوە!

٢- **-كاك مستەفا قەرەداغی** پیاوێکی خانەدانو ڕۆشنبیرو قسە خۆش بو بێژەری زمانی عەرەبی بوو ، بەقسەی خۆی لە وورچ دەترسا شەوان دەبوایە پ.م ئەحمەد دەشتی، عەبدولخالیق مارف، عەمەر دزەیی بە دەنگە دەنگ بیبەن بۆ سەر ئاودەستەکانی دەرەوەی ئەشکەت! بەدیاریەوە دەوەستان ، ئەویش لەکاتی دەست بەئاوگەیاندن لەناو چەپەردا داوای لێبوردنی دەکرد و نوکتەی بۆ دەگێڕانەوە

٣- -ڕۆژێکیان کاک ئەمجەدی ئەندازیاری کارەبا بەعارەبی بەکاک حەبیبی گۆت هەر باش بوو پێشان موچەیەکمان هەبوو، ئەویشیان بڕی! کاک حەبیب بەتەوسەوە پێی گۆت موچەکەت چەند بو ؟ مانگانە حەوسەدو پەنجا فلس ، باش بوو کاتێ وەرمان دەگرت یەکسەر دەچوین لە بازاڕی ماوەت نوقلی مینۆ و موس و سابونمان پێی دەکڕی ، کاک حەبیب دەستی لەگیرفانی ڕاکرد سێ دینادی دایی ووتی فەرمو ئەمە موچەی چوار مانگ ، بەڵام برادەران نەیانهێشت بەتەنیا بیخوات.

بەخۆرایی شۆلۆم عەلیخم (١٨٥٩-١٩١٦) نوسەری بەڕەگەز جولەکەی خەلکی روسیا نەیگۆتوە: "ژیان خەونی هۆشمەندە ، گەمەی گەوجە ، بەزمەساتی زەنگینە ، مەرگەساتی هەژارە..."

ئاگری شۆڕشی ئەیلول لە سەرەتای شەشتەکانی سەدەی بیست هەڵگیرسا (١٩٦١/٠٩/١١) ئەو شۆرشەی ئێستاشی لەگەلدابیت بنەماو بناخەیەکی بەتینە بۆ بەهیزی پێگەی گەلی کورد وێڕای ئەوەی زنجیرەیەک کەموکورتی و هەلەی کوشندەی تێکەوت کۆسپ و تەگەرە و نسکۆی گەورەی هاتە بەر، بەلام بەهۆی ئەوەی لە هەموو چین و توێژەکانی خەلکی کوردستان تێیدا بەشداربوون بەتایبەتی چینی هەژار کە هەمیشە بەردی بناخەی خەبات و تێکۆشانی شۆرشەکانی کورد بوە.

بۆیە هەتا ئیمڕۆش کەسێک ، هێزێک نەیتوانیوە ئاگردانی شۆرشی کورد خامۆش بکات ، ئەگەر کەسانێک لە قۆناغێکدا وازیان هێنابیت و دوور کەوتبنەوە خەلکی تر تێهەلچوتەوەو درێژەیان پێداوە و بێگومان لەسەر شانی خەلکی بەشمەینەت بەردەوام دەبیت!

پارێزەرو سیاسەتمەداری هەولێری عەونی یوسف ( ١٩٠٨-١٩٨٨ (کەباسی کوردایەتی بەزارەوەی ئەو ( کورداتی ( قسە نا قسە دەیگۆت" ماڵی بابم ڕەشوڕوت بەلام حەیف و مخابن مەقایس نەماوە"! ڕۆژێکیان لەگەل کاک جەعفەر عەبدولواحید ١٩٤٣-١٩٧٦ سەردانی دوکتۆر سەید عەزیز شەمزینی (١٩١٨-١٩٩٩) مان کرد پێشتر دەمانزانی دکتۆرای دەربارەی مێژووی کورد وەدەست هێناوە ، چونکە وەختی خۆی بەشێکی لە تێزی دوکتۆراکەی بە زنیجیرە لەڕۆژنامەی خەبات لە بەغدا بلاو کردەبووە. خوا لێخۆشبوو لەژێر کەپرێکی بچکۆلە لەنزیک

ساباتی گشتی پێشمەرگەکان بەسادەیی دەژیا زۆر حورمەتی گرتین گۆتی پێمباشە سەردانی کەسێکی هوشیارو بلیمەتی خەلکی لای خۆتان بکەن لەم ناوەیە ناوی (ئیسماعیل سەهەرنگ)ە.

زۆری نەبرد خوالێخۆشبو خالید دلیر ( ١٩٣٣( 2011 -  کە سەرپەرشتی تایپ و ڕۆنیۆی دەکرد لە ( م.س ) لە دوای ناردم بردمی بۆ بن کەپرێک لەوێ کاک ئیسماعیل سەرهەنگم بینی سەرقالی خوێندنەوەو شێکردنەوەی بروسکەی بێتەلەکان بوو، پیاوێکی رووخۆش و پاک و خاوێن بوو لەسەرەخۆو هیمن و زمان زانبوو بۆ گاڵتە جاروبار خەلکی لەخشتە دەبرد ، سەرپەرشتی بێتەلەکانی دەکرد و شارەزایی زۆری هەبوو لە تەلەگراف و مورس و شێکردنەوەی جوفرەو بروسکە. پێی گۆتم بۆ ئەوە لەدووامان ناردوی دەبی ئەمرۆ سبەی بەنهێنی کەس نەزانێ چەند دانەیەک لەم خشتەو تابلۆیانەم چاپ دەکەیت ، ئەمانە کۆدی مۆرس و هێمان بۆ شێکردنەوەی بروسکە نهێنیەکانی سوپای دوژمن.

**کاک ئیسماعیل خشتەی بروسکەی نهێنی لە نیوان لەشکری کوردستان هەروەها کۆدو کلیلی شێکردنەوەی بروسکە نهێنیەکی دوژمنی دادەڕشت ناوە ناوە دەی گۆڕێن. نامە یان بروسکەی** نهێنی بەرامبەر هەر ووشەیەک دوو پیت و چوار پێنج ژمارە هەبوو ئەگەر لە بروسکە بنوسرایە (خسائرنا ناقلة جنود واحدة (بەهێما و بە بێتەل دەیان نارد ، بۆ نمونە دەنوسرا ( اب ٢٣٣٢،دس ٤٥٤٥ ،ت ک ٦٧٨٩ ،س ل ٣٤٥٦( هەتا دوایی ئیتر بەردەوام گۆڕانگاریان لە جوفرەکان دەکرد شەوو ڕۆژ بێتەلەکان لە کار دابوون بروسکەیان دەقۆزتەوەو دەیان نارد بۆ کاک سەرهەنگ ئەویش خیرا حەلی دەکردن دەیدایە م.س ، من ناوە ناوە سەردانم دەکرد ڕۆژێکیان کۆمەلێک تفەنگ و سنوقە فیشەکم لە ژێر کەپرەکەی بینی منیش هەروا بەسەرپێوە پێم گۆت کاک سەرهەنگ ئەگەر دەکرێ دەمانچەکەم بۆ بگۆڕە ئەویش بێ سێو دوو گۆتی" زۆر باشە بەلام ئەم چەکانە پێوەندی بە مامەوە هەیە ئەوە تێهێ وا لەبن ئەو دارە دانیشتووە بروسکەکان دەخوێنێتەوە فرسەتە برۆ پێی بلێ هەتا ئێستا بۆت بگۆڕم " منێش یەکسەر چووم ، مام سەری ڕاستکردەوە گۆتی فەرموو بلێ؟ منیش هەر باسی دەمانچەمکرد یەکسەر گۆتی جاری پێم بلێ کێ پێی گۆتی دەمانچەمان هەیە ؟ بەتەواوی ناوی سەهەنگم نەهینا کلاشەکەی سۆلانی بەسەر پێی وەکرد بەڕاکردن هاواریکرد مەلعون کوا دەمانچەمان هەیە دەبیدێ ئەگەر ڕاست دەکەیت ! دیار بوو کاک سەرهەنگ خۆی بۆ هێرشەکەی مام جەلال ئامادە کردبوو یەکسەر هەلات و خۆی شاردەوە !

ئەو ڕۆژگارە هەرچەند قورس تێدەپەڕی ژیان گوزەران سەخت و دژوار بوو دڵەڕاوکێ و نائومیدی بەسەر ئایندەی شۆرش دیار بوو بەتایبەتی دوای بەستنی کونفرانسی ماوەت لە ١٩٦٤/٤/٩

شۆرش و بزافی کوردایەتی کەوتە بارودۆخێکی دژوار و دوو بەرەکی پەرەی سەند شەڕی براکوژیش دەستی پێکرد، جەنگ و شەڕو شۆڕش هەمیشە بۆتە هۆکاری دوژمنکاری و چاندنی تۆی ڕق و کین لە دڵو دەرونی لایەنەکانی بەشدار لە ململانەکەو بەتایبەتی لە دەرۆنی ئەوانەی بەناحەق زەرەرمەند دەبن خوێنیان دەرژێت و کەس و کاریان تیا دەچیت. چەند ساڵێکی پێ چوو جارێکی تر کاک سەرهەنگم دیتەوە ئەمجارەیان لە گەڕەکی شۆڕش لە شاری هەولێر دیاربوو حەوشەکەی کردبووە گوڵدانێکی گەورەی ڕەنگاو ڕەنگ، میوان لەدورەوە بۆنی عەترو گولە مێخەکی دەکرد ، دەیان جۆرە گولی موتوربە کردبوو گۆڕانکاری بەسەر شێوەو رەنگیان داهێنابوو ئەوەی دەیبینی سەری لەو گولپەروەریە دەتاسا، ئەو هەمیشە حەزی دەکرد گوڵی باخەکەی خەلک ببینن نەک خەلک بیان بینت ، گولەکان دانسقە بون لەهەموو باخێک نەدەبینران کۆمەلێک گوڵە کێوی لەناو ئینجانە ماڵی کردبون ، تەماشای هەر گوڵێک دەکرد ڕازو ماناو مەبەستێکی جوانت تیا دەبینی ئەوەی سەیری دەکرد هەستی دەکرد لەپشت ئەو هەموو سروشت ڕازاندنەوەیە و گوڵ دۆستێکی شارەزاو هەست ناسک هەیە. ئەو کەسێکی بەهرەمەند بوو زۆر حەزی لە شاخ وداخ و راو بووە حەزی لە گژوگیا بووەو توانایەکی زۆری هەبووە لە گەڕانو پشکنینی گژو گیاو گوڵ و ڕووەک ناسین دا لە شەستەکاندا کتێبێکی دوو سێ بەرگی کە بە ئینگلیزی نوسرابوو بە دیاری بۆیان ناردرابوو لەو کتێبەدا برێک گیا بە ناوی ئەوەوە تۆمار کرابوون و لە دۆزینەوەی( اکتشاف )ی ئەو بوون، کە لە هیچ شوێنێکی دیکە لە جیهاندا ئەو رووەک و گیایانەی شاخەکانی کوردستان لەهیچ شوێنێکیتر نەدۆزرابوونەوە بۆیە کاک ئیسماعیل بە دۆزەرەوەیەکی گوڵ و گیایی لە قەڵەم درابوو. نموونەی ئەو رووەکانە ناردرابون بۆ مۆزەخانەکانی رووەکی ڤییەنا و لەندەن، نموونەیشی لە بەغدا لێ گل دەدرابۆوە نموونەی گیا و رووەکەکان خرابونە نێو کاغەزی سلۆڤین. ئەو رووەکانەی کە ئەو دۆزیویەتیەوە ناوی خۆیان لەسەر نووسرابووە. لە ٩٧ % ئەو دۆزیبیەوە ٢٣ رووەکیان لە دنیادا نەبوون، یەکیان ( گەنم ) ی کێوی بوو، لە بەرزایی ( ٣٥٠٠ م) لەسەر رووی زەریاوە هەبوو، گەنمەکە باریک و شووش و گەنمی دەستچێن لە وەوە وەرگیرابوو ، کاتی خۆی باخەکەی ماڵی خۆی کردبوە شوێنی کۆبوونەوەی خوێندکار و مامۆستایانی زانکۆی

هەولێر / کۆلێژی کشتوکاڵ ، هەمیشە مامۆستایان سەردانیان دەکرد بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزمون و بیرو بۆچونەکانی .

ئیسماعیل سەرهەنگ (**١٩٢٠-٢٠٠٠**) لەبنەماڵەی خانەدانی شکاکە ، لە ساڵی ١٩٣٧ ئەندامی حزبی هیوا بووە ساڵی ١٩٤١ لە دار المعلمین) ی بەغدا خوێندنی تەواو کردووە ماوەی چل ساڵ ماموستا بوە دەیان ڕۆڵەی کوردی بە بیری نەتەوەیی و کوردایەتی پەروەردە کردوە سەرهەنگی باوکی لەگەڵ سەید تەهای شەمزینی بە هۆی شکستی شۆڕشی شێخ عەبدولای نەهری لەزێدی خۆیان ئاوارە بوون و لە ناوچەی رواندز و حەریر و باتاس گیرساونەتەوە و بەهۆی شێخایەتی و کارامەیی دەستەلاتیان گرتوتە دەست حوکمڕانیان کردوە. برا گەورەکەی بەناوی (ئەحمەد سەرهەنگ) لە شۆڕشی ئیسماعیل ئاغای شکاک (**سمکۆی شکاک ١٨٨٧-١٩٣٠**) بەشدار بووە.

**حەیف و مخابن بۆ ئەو جوامێرانەی ماڵ و تەمەنی خۆیان بەکوردایەتی بەخشی و لەڕۆژگارێکی سەخت و دژواردا خوێنیان کردە بڵێسەی خەبات و تەمەنی خۆیان تاواندەوە و ماڵ و منالی خۆیان لە حەسرەت و بێنازیدا بەجێهێشت، مشەخۆرەکانیش بە ڕەنجی ئەوان خەنی بون تەنانەت هەولیشیان داوە پەردەی فەرامۆشی بەسەر ناوو خەباتیان دا بدەن بەتایبەتی ئەو جوامێرانەی دوای خۆیان میراتگرو کەسێکی وایان لەحیزب و دەستەلات نەبێت! لەکۆتاییدا ئەگەر خوێندنگایەک کۆلانێک ، شەقامێک ، باخێک ، بەشێک لە کولیژێکی کشتوکال بەناوی ئەو بکرێت مانای جەختکردنە لەسەر بەردەوامی ڕێزگرتن لەخەباتی خەلکی تێکۆشەر بەدەر لە قالبی خزمایەتی و حیزبایەتی**

**ناپلیۆن پۆناپارت ١٧٦٩ – ١٨٢١**

**دەڵێ:**

**لەشۆڕشدا تەنیا دوو جۆرە پیاو هەن ئەوانەی جێبەجێی دەکەن و ئەوانەش سوودی لێوەردەگرن!**